# جەلال تاڵەبانی داهۆڵێکە بۆ تۆقاندنی کورد چەقێنراوە

ئەمجەد شاکەلی

عەرەب(بە شیعە و سوننە و مەندائییانەوە) و تورکمان و ئاشووری و کلدان و لە سەرووی هەموانیشەوە ئەمەریکای دەسەڵاتداری ڕاستینەی عیراق، هەرگیز کەسێکی دیکەی لە جەلال تاڵەبانییان خاستر و چاکتر بۆ سەرۆککۆماریی عیراق چنگ ناکەوێت. ئەو خزمەتەی جەلال تاڵەبانی بە تەواوی ناکوردان و ناکوردستانییانی دەکات، هیچ یەکێک لەو وڵاتەدا(عیراق) پێی ناکرێت. جەلال تاڵەبانی لە عەرەب عەرەبترە و لە عیراقییان عیراقیترە و پارێزەری یەکەمی یەکپارچەیی خاکی عیراقیشە. لە کۆبوونەوە و دیدارێکدا لەگەڵ هەزار کۆنە ئەفسەری لەشکری عیراقدا لە ڕۆژی 2005/10/11 لە بەغدا، جەلال تاڵەبانی باس لە قوربانیدانی ئەو ئەفسەرانە دەکات و پێیوایە ئەوانە لە پێناوی عیراقدا و بۆ نیشتمان قوربانییان داوە، نەک بۆ فەرمانڕەوایەک یا حیزبێک. هەر لەو جڤینەدا تاڵەبانی ئەوەی دووپات کردەوە، کە عیراق بۆ ئەوە دروست بووە، کە بەهێز و یەکگرتوو بمێنێتەوە و هەروەها گوتیشی، کە عیراق ژمارەیەکە قابیلی دابەشکردن نییە و کە عیراقییەکانیش سوورن لە سەر پاراستنی یەکیەتیی نیشتمانییان و هەموو عیراقییەکانیش بەرژەوەندی خۆیان لە یەکیەتیی نیشتمانیی عیراقیدا دەبینن. تاڵەبانی لەمەڕ کەونەفرۆکەوانەکانیشەوە باسی لەوە کردووە، کە ئەوان چ تاوانێکیان نییە و هەر کارێکیان لە کۆندا ئەنجام دابێت، ناچار بوونە، چونکە فەرمانیان پێ دراوە و ئێستاش، کە هەوڵی لەنێوبردنیان دەدرێت، دەتوانن بچنە سلێمانی و هەولێر و لەوێ بژین و تەواوی پاراستنیشیان بۆ دابین دەکرێت[1].

ئەو ئەفسەر و فرۆکەوانانەی جەلال تاڵەبانی لەگەڵیاندا کۆبووەتەوە و قسەی بۆ کردوون و گوێی بۆ قسەکانیان شل کردووە، ئەفسەران و فرۆکەوانانی ڕژێمی بەعس و سەددام حوسەینن. ئەوانە ئەو ئەفسەرانەن، کە فەرماندە و سەرکردەی لەشکری عیراق بوونە و لەوەتی عیراقیش بووە بە دەوڵەت و باشووری کوردستانی پێوە لکێنراوە، باشووری کوردستان لە ژێر چەکمەی ئەو لەشکرەدا بووە. ئەوانە ئەو ئەفسەرانەن، کە پێنج هەزار گوندی کوردستانیان لەگەڵ خاکدا تەخت و یەکسان کرد و 182000 مرۆڤی کوردیان ئەنفال کرد و 20000 لاوی کوردی فەیلییان جوانەمەرگ کرد و 8000 بارزانییان هەواڵەی مردن کرد. ئەو فرۆکەوانانە هەر ئەوانەن، کە هەڵەبجەیان گازباران دەکرد و هەشتا و ئەوەندە ساڵە کوردستان بۆمباران دەکەن و زارۆک و پیر و لاوی کورد دەکوژن و ماڵ و خوێندنگە و مزگەوت و کڵێسە و نەخۆشخانە و کتێبخانە و گوند و شاری کوردستان وێران دەکەن و خەلە و خەرمان و باخ و ڕەزی کوردستان دەسووتێنن. ئەوەی لە لەشکری عیراقدا، ئەفسەر بووبێت یا فرۆکەوان یا هەر شتێکی دیکە،

---

[1] بنۆرە: www.sotkurdistan.com ،2005/10/13 www.elaph.com ،2005/10/11 کوردستانی نوێ، ژمارە 3799، 2005/10/12.

سەربازی بە تۆبزی و یەدەکی لێ دەرچێت، تەواویان بەعسی بوونە و ئەگەر بەعسییش نەبووبن، ئەوا لە خزمەتی بەعسدا بوونە و لە هەموو حاڵێکیشدا هەرگیز دۆستی گەلی کوردستان نەبوونە، بەڵکە نەیارێکی سەرسەختی گەلی کوردستان بوونە. ئەوانە هەمیشە مەرگەساتیان بۆ کوردستان کردووەتە دیاری و قڕانیان خستووەتە نێو گەلی کوردستان. ئەوانە کەرکووک و مووسڵ و دیالا و کووتیان زەوت کردووە. ئەوانە هەرچی ناشێت بە ژنی کوردیان کردووە. ئەوانە نەوەی "یەزید و شەمر و سەعد و حەجاج و قەعقاع"ن و هاوڕێ و هاوکار و هاوبیری "زەعیم سدیق و تاها شەکەرچی و مولازیم موحسین"ن و هەڵگر و درێژەپێدەری پەیامی ئەوانن، کە دەبوو ئێستاکە هەناسەیشیان لێ قەدەغە کرابا. تاڵەبانی بە چ مافێک ڕێگە بە خۆی دەدات، بانگهێشتنی فرۆکەوانی تاوانباری بەعس دەکات بۆ کوردستان و پاراستنیشیان مسۆگەر دەکات! دایکی چ شەهیدێک و کچی چ ئەنفالکراوێکی گەرمیان و کوڕی چ گازبارانکراوێکی هەڵەبجە و خوشکی چ لاوێکی کوردی فەیلی و ژنی چ بارزانییەکی سەرنگومکراو و چ کەرکووکی و خانەقینی و بەدرەییەک قەبووڵ دەکەن، فرۆکەوانە تاوانبارەکانی بەعس و ئەفسەرانی لەشکری عیراق، بێنە کوردستان و لەوێ داڵدە بدرێن! ئەو ئەفسەر و فرۆکەوانانە تاوانبارن و دەبوو لە بری دیتن و کۆبوونەوە لەگەڵیان و پێشوازیکردنیان و داڵدەدانیان و پشتیوانیکردنی داخوازییەکانیان، دادگایی بکرێن و سزا بدرێن. تاڵەبانی پرسی بە چ کوردێک کردووە، کە هەروا و لەخۆڕا، وەها بڕیارێک دەر دەکات و ئەوانە بانگ دەکات بۆ کوردستان! تەواوی ئەو کارانەی تاڵەبانی دەیکات بۆ خزمەتی عەرەب و عیراق دەیکات و دژایەتیکردنێکی خویا و لەبەرچاوی خواستەکانی گەلی کوردستانە. تاڵەبانی بە پێشوازیکردنی لە ئەفسەران و فرۆکەوانانی بەعس، پێشوازیی لە کوژەرانی خەڵکی کوردستان دەکات و دەستخۆشیی لە تاوانەکانیان دەکات، کە لەهەمبەر گەلی کوردستان ئەنجامیان داوە. دەستخۆشیی ئەنفال و هەڵەبجە و زیندانەقەسسابخانەکانی مووسڵ و کەرکووک و ئەمنەسوورەکە و...یان لێ دەکات. تاڵەبانی بە بانگهێشتنی فرۆکەوانانی بەعس بۆ کوردستان و پاراستنیان و بە پێداهەڵدان و نرخاندنی ئەفسەرانی بەعس و بەوەی، کە بڕیاری لە سێدارەدانی سەددام حوسەین مۆر ناکات و بەوەی، کە هەردەم جەخت لە سەر دابەشنەکردنی عیراق و یەکیەتیی خاکی عیراق دەکات و ئەو عیراقەی هێندە لا پیرۆزە، تەنێ یەک شتی مەبەستە، ئەویش نەڕەنجاندنی دڵی عەرەبە و خۆشیرینکردنە لەکن عیراقییان و ئوممەی عەرەبی. هیچ دووریش نییە، هیوای مسۆگەرکردنی نوێکردنەوەی چەند ساڵێکی دیکەی ماوەی سەرۆککۆمارییەکەیشی هەبێت. ئەو خزمەتەی تاڵەبانی بە عەرەبایەتیی و عیراقیەتیی و یەکپارچەیی عیراقی دەکات، هیچ عیراقی و عەرەبێکی دیکە بەو دڵسۆزییەوە، وەها کارێکیان پێ ناکرێت. جەلال تاڵەبانی داهۆڵێکە بۆ تۆقاندن و ڕەواندن و تاراندن و پاسەکورد چەقێنراوە و پێشوازیشی لەو ئەفسەر و فرۆکەوانە مرۆڤکوژانە، هەڕەشە و چاوزیتکردنەوەیە لە خەڵکی کورد و ترساندنیانە. ئەوەی تاڵەبانی دەیڵێت و دەیکات بە هیچ جۆرێک دەربڕی هەست و دیتن و بیر و بۆچوون و خواست و ویستی گەلی کوردستان نییە و ڕێک پێچەوانەی ئەوانەیە. ئەگەر تاڵەبانی و سەرکردەکانی دیکەی باشووری کوردستان پێیانوایە، کە تەواوی خەڵکی کوردستانیان لەگەڵە، ئەوا دەبێ باش لەوە تێبگەن، کە بێجگە لە خەڵکانێکی مشەخۆر و کاسەلێس و لامژی ڕەدووکەوتووی دەسەلات و پارە، زۆرینەی خەڵکەکە ئەوان بە ڕووتی دەبینن و دەزانن وەک پاشایەکە چ پۆشاکیان لەبەر نییە، لێ لە ترسی نانبڕین و دارکاری، چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن و وەدوویان کەوتوون.

2005/10/13